ئيمانە نەقيە كە فيعلەن حوببی پێغەمبەر صلی الله عليه و سلم، فەوقی حوببی هەموو ئينسانەك بی، طەبعەن پێغەمبەر صلی الله عليه وسلم كە موقايەسەی كرديە بە ئينسان موقايەسەی كرديە بە سووپەر و بە دونيا؟ بەوانەی موقايەسە نەكرديە، چونكی ئينسانە ئەو حوببە دروست دەكا لەبۆ سووپەر، ئينسانە ئەو حوببە دروست دەكا لەبۆ دونيا، ديسان قەوسەكی گچكە دەكەينەوە (مەفهومی ئيتتيباع و تەطبيقی ئەوامری پێغەمبەر صلی الله عليه وسلم دەليلە لەبۆحوببی پێغەمبەر صلی الله عليه و سلم). ئەوە إن شاءالله ئەگەر خوا عومر بدا حەفتەی دی زياتر دەچينە سەری.
حالەكی ديكەی پێغەمبەری صلی الله عليه و سلم، باری تەعالا لە سورەتی ئەنفال ئايەتی (٣٢......٤٩:٠٠) دەفەرمی: (وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ وَمَا كَانَ اللّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ)(ألأنفال٣٣) حالەتەكی غەريبە سبحان الله، ئەگەر تەماشای قورئان بكەن زەمەنی حەزرەتی نوح ، زەمەنی يونس، زەمەنی موسا، بەوجودی پێغەمبەرەكان كە پێغەمبەر ئيحقاقی كەليمەی حەققی كردبی لەسەر موجتەمەع، لەسەر بيئە، وەسەط ئيقامەی حوججەی كردبی بيئە ئيستقبال و تەقەببولی ئەو حوججەيەی نەكردبی، پێغەمبەرەكە بوويتە سەبەبی تەعذيب دانی ئائەو ميللەتەی، ئەها حەزرەتی نوح دەفەرمی: (رَّبِّ لَا تَذَرْ عَلَى الْأَرْضِ مِنَ الْكَافِرِينَ دَيَّاراًإِنَّكَ إِن تَذَرْهُمْ يُضِلُّوا عِبَادَكَ وَلَا يَلِدُوا إِلَّا فَاجِراً كَفَّاراً)(٢٦:٢٧نوح)، ناخۆشترين لەحەظات پێغەمبەر صلی الله عليه و سلم لە حەياتی خۆی دەگێرتەوە دەفەرمی: لە طائيف بووم كە دەگەڕامەوە طەبعەن ئەوەی لە سيرە موتابەعەی ئەو مەوزووعەی كردبی، زۆر لە حالەتەكی نەفسی موڕهيق دايە پێغەمبەر صلی الله عليه و سلم،باری تعالا لە سەبعی سەماوات موڕاقەبەی عەبدی خۆی دەكا، كو تەحەرروك دەكا ئەو پێغەمبەرە،دەگاتە ئەو حالەتەی ئيرادەی رەببانيی دەگاتە ئەو حالەتەی ئەمر بە ملك الجبال بكا لە لايەن باری تعالاوە مووەظەفينی موعەييەن هەيە،هەر مووەظەفەكيش ئومووری خاصصی خۆی پێدرايە،هەر ئوموورەكيش جيهازی خاصصی خۆی هەيە، لەوانە ملك الجبال هەيە جيهازی خاصصی خۆی هەيە دێ بيەوێ جيبالەكان چيايەكان هەمووی تێك بدا بە جيهازی خاصصی خۆی ئەوجا بزانی ئەليكترۆنيە بەرقيە چ نەوعەكە، كە حەرەكەی پێدەكا هەمووی چيايەكان هەمووی دێختە تەرەججوج و ئەوجا وفقی ئيرادەی رەبباني، باری تعالا لەو حالەتەی كە پێغەمبەری خۆی دەبينی، مووەظفی جيبال دەنێری لەگەر جبريل، جبريل وەسيطە بەينيان، دەفەرمی: بە پێغەمبەر بلێ ئەگەر بێتوو ئيختيارييەتی ئەوەی هەبی طائيفييەكان هەمووی بكاتە قطعەك گۆشت ئەوە مەلائيكەت مەوجودە، بەس ئەوەندە ئەمری پێ بكا، پێغەمبەر صلی الله عليه وسلم ئەو تەطبيقی دەكا لە وجوود، طائيف كەتتە بەينی دوو چيای(وادي)يەدۆڵە يەكسەر مەلائيكەتەكە مووەظفەكەش گۆتی: بەلێ يا

رسول الله بەس هەر ئەوەندەیە ئەو دوو چیایە هەڵدەگرم پێکی دادەدەم، هیچیتکە ناکەم، چی فەرموو؟ کأنە لە قەناعەتی خۆی پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم ئائەو مەجموعەیە ئەو فیئەیە، ئەو جیلە ئیمان نایینی، فەرمووی نەخێر جبریل بەجێیان بێلە عسی الله أن یخرج من أصلابهم من یقول لا الە الا الله ، خالد بن ولید لەوان بوو لەو مەجموعە یە بوو ،دیارە پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم فیعلەن ڕەحمەت بووە نەك بەس لەبۆ فیئەی موئمینین،حەتتا لەبۆ کوفریش، یەعنی غەریبە حالەتی ئەبوجەهل وەرە تەشریح کە نەفسییەن، غەریب بووە ئەو پێغەمبەرە ئەو هەموو صیراعەی لەگەر ذاتی ئەبوجەهل نی یە، لەگەر ذاتی وەلید بن موغیرە نیە، لەگەر شەیتانەکەیتی، ئەوە غەرابەتە ئائەو موجریمە دێ دیفاع لە شەیطانی خۆی دەکا، یەعنی صیراعی ئیمان وە مومەثلی ئەو ئیمانەی کە پێغەمبەرە صلی الله علیە وسلم، لەگەر ئینسان نەبووە هیچ وەختەکی، لەگەر شەیطانی ئەو ئینسانەی بووە، لۆیێش لە دروسی سابیق بەحسی ئەوەمان کردیە، ضروریە ئەمەی گەنج ئەمەی شەبابی صەحوە ضەوء بدەینە کەلیمەی شەیطان لە قورئان.یەعنی صەراحەتەن ئەوەندە ئەمە خۆمان بەحسی ماسۆنییەت و یەهودییەت و صەلیبییەت و کوفری عالەمی وکوفری فلانی و کوفری فیساری ئەوانە هەمووی ئەلاعیبن بەدەستی شەیطان، باری تعالا لە قورئان ضەوء دەداتە شەیطان ،ئەمە ئەگەر ئەوانەشمان هەموو کردە موئمین،ئەوانەشمان هەموو لە وجود ئیزاحە کرد، دەولەی ئیسلامیشمان تەکوین کرد ،بەخوای شەیطان هەر وازمان لێ نایینی، صیراعی پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم لەگەر شەیطانی ئەو ئینسانانە بووە ،محاوەلەی کردیە فەصلی بەینی شەیطان و بەینی کیانی ئینسانەکەی بکا، ئینسانەکە جودایە ئیرادەی خەیرێ ئینسانی فیطریی ئینسانی خاوێن، چونکی خۆی دەفەرموێ: « كُلُّ مَوْلُودٍ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ » (البخاري). شەیطانی بیئەیە موحتەمەلە داك و بابی بی. ئیذەن وجودی پێغەمبەری صلی الله علیە و سلم لەسەر وجود بەس بەرەکەت و ڕەحمەت نەبووە لەبۆ بەس فیئەی موئمینن، لەبۆ حەتتا فیئەی کەفەرە ،لۆیێ تەماشاکە کە تەحدیدو تەشخیصی نەخۆشیەکانی ئەو ئینسانەی کردیە زیرەك بووە لە موعالەجەدانانیش. لە ظەرفی(٢٣) بیست و سێ ساڵ بەس حجة الوداع بکە معیار و مقیاس سەد هەزار صەحابی نوێژی لەدو دەکا.بەحسی کێهان حیزب دەرێی کێهان تەنظیم دەرێی کێهان جیهەدەرێی موقارەنەی بکە لە حالی حازری ئەوڕۆمان بەو هەموو ئیمکانیاتە ناتانی بەقەد ئائەو پێغەمبەرە صلی الله علیە و سلم ئینتاجی هەبی.نەوعی ئینتاجەك نەك ینتاجەکی شکلیی سەطحیی نەء ئینتاجەك حەقیقی ئینتاجەك فیعلەن ئەو ئینسانانە لەجەهەنەم سەحب کا لەبۆ جەننەت.وەکو دروسی سابیق نەوعییاتی ئەوهای دروست کرد وەکو ماعز کە گوناهی کەبیرەی کردبوو بێ ئەوەی کەس بیبینی دەهاتە خزمەتی دەیگۆ یا رسول الله أني زنيت فطهرني یان غامدیە یان.. یان.. بە ئەمثیلەی زۆرمان هەیە. دیارە فیعلەن صیفەتی ڕەحمەت لە ذاتی پێغەمبەری

صلى الله عليه و سلم مەوجوده نەك لەبۆ موئمینین، لەبۆ كوفریش. لۆیێ دەفەرمی: (وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ)(الانفال٣٣) ئەهلی طائیف ئەزیەتیان دایە،ماندییان كرد،لاقی موبارەكیان بریندار كرد، وەكی حەزرەتی نوح دەیتانی دەستی برند كا: ربي لاتجعل على الطائف في الطائف دەبیارا.دەیتانی وەبلێ ئەمما نەیگۆت، لۆیێ باری تەعالا دەفەرمی: (وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ)(الأنفال٣٣) ، یەعنی سەبەبی عەدەم تەعذیبەكەیان وجوودی ذاتی پێغەمبەریە صلى الله علیه و سلم.بە نسبەت ئەمەش وجودی ڕیسالی.هەتا ئەمە تەعەللوقمان بە پێغەمبەر هەبی والله لا یعذبنا الله ،هەتا نیسبەت هەبی لەو تەعەللوقەی لەو موغناطیسییەتەی لەو جەذبەی لەمە لەبۆ پێغەمبەری صلى الله علیه و سلم لە پێغەمبەری پاشان لەبۆمە هەتا نسبی كەم بی نسبەی كەمبی مەشاكل و موعاناتمان زیاترە،یان داخیلی دەروونی یان خاریجی ماددی بیئە طەبیعە واقیع حیاة ،چەند لەوی نزیك ببین لەنەوعی ئەداء ئائەوەندە ڕەحمەتەكەی باری تعالا لێمان نزیك دەبی و تەجاذوبەكە زیاتر دەبی، (وَمَا كَانَ اللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ)(ألأنفال٣٣) ئائەو ئیستیغفاری سەبەقەهو (مَا كَانَ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ)(ألأنفال٣٣) یەعنی ئەگەر هاتوو بە مەعنا وجودی پیغەمبەر هەر یەك لەمە لە ذاتی خۆمان ئیجاد بكەین ئەو وەختی مەفهومی ئیستیغفارەكەی دێتە وجوود ،غوفرانی رب العالمین لە نیهایەتی مەقطەعی ئایەتەكەی مەربوطە بە وجودی پێغەمبەری صلى الله عیه و سلم وجودی ڕیسالی نازانم تێم دەگەن یان نا، لە سوڕەتی تەوبە دەفەرمی ئایەتی ١٢٨: (لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ)(التوبة ١٢٨). لە پێنج دەرس پێشی ئێستا بەحسی ئەوەمان كرد من أنفسكم مەعنای چیە، پاشان دەفەرمی: (عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ) یەعنی ئەو صەحابیە مندالّی نەخۆشە، ئەو صەحابیە دەستی كورتە،ئەو صەحابیە بریندار بوو لە فیلان غەزوە، ئەو صەحابیە موشكیلەی ئیجتیماعی هەیە، ئەو صەحابیە زور... ئەوانە هەمووی جەمع كە هەر هەمووی، هەمووی جەمع كە لە قەلبی پێغەمبەری بووە صلى الله علیه و سلم، مەثەلەن لە صەففی ئەمامی نوێژ هەموو وەقتەك كە ئیمامەتی كردیە لە ئەثنای كە فەرمویتی ئیستەو ئیستەو ئاوردایە تیعدادی كردیە بزانی كێهان صەحابی نەهاتیە لۆوەی پاش نوێژێ موتابەعەی بكا بزانی لۆ نەهاتیە. موعاناتی ئەو هەموانە لە قەلبی بووە، مەثەلەن فیلان صەحابی مندالّی ئەمری خوای دەكا وەفات دەكا كو ئەو صەحابیە ئەزیەتی دیتیە ئائەویش بەو نەوعەی ئەزیەتی دیتیە، ئەوجا نەك بەس ئی ئەو صەحابیەی مەشاكلی هەمووی، مەثەلەن ڕۆژەك صەحابیەكی گەنج تەقدیرەن لە ڕێ یێ حەیوانیان دەگاتە یەك، دەچێتە خزمەت پێغەمبەر صلى الله علیه و سلم بەحەیوان،ئەویش سەلام دەكا صەحابیەكە، پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم لێی وەردەگری، قسان دەكەن دەلێ ژنت هینایە؟ دەلی نا والله یارسول الله،دەزانی موشكیلەی گەنج جنسە، طەبیب بوو، دەفەرمی لۆ ژن نایینی؟ جەواب

دەداتەوە یارسول الله دەستم کورتە. دەلی باشە ئەگەر پارەم لۆ پەیا کردی ژنی دەینی؟ دەرێ ئا یا رسول الله چ موشکیلەی دیکەم نیە،دەرێ باشە إن شاءالله مادام وایە مەوعیدمان فیلان وەقت لە فیلان جێی. دەچی هەرچی لە ماڵێ هەیە لە ماددە لە پارە هەمووی لە دەست ئەو صەحابیەی دەنێ، ئەو گەنجە فیعلەن صەحابیەکە ژنی پێ دەینی. یەعنی نەك تەمثیلی بووە حالەتی، حەقیقی بووە ویجدانیی بووە، یان شوعوری بە ئەزیەت کردن حەتا ئەزیەتی ماددی هەر ڕۆژەك هەر ئەوەندە لەگەر صەحابیەك دەڕوا،جێیەکی پێغەمبەری صلی الله علیە و سلم سەوطی دیارە لەدەست بووە دار، دارەکەی بە لاقی صەحابیەکەی دەکەوی.صەحابیەکە دەرێ یا رسول الله ئەزیەتت دام، ئەزیەتت دام گەردەنت ئازا ناکەم،دەی محاوەلە دەکا دلی بداتەوە،نەمزانی تەعەممود نەبوو، ئەمن کورە پێغەمبەرم خیلافت لەگەر ناڵێم دەرێ نەخێر گەردەنت ئازا ناکەم،باشە بە چەند گەردەنم ئازا دەکەی؟ دەرێ والله بە ماددەش گەردەنت ئازا ناکەم،ئەتوو لەوێی منت دایە ئیستائەمن حەققم لەسەرە توو هەیە حەققی خۆم طەلەب دەکەم لەتوو،باشە ئاخر حەقەکە چیی؟ باشە دارەکەی دەداتە دەستی دەرێ وەرە لێم دە، دەرێ نەء ئەوها لێت نادەم،زگی موبارەکت دەرینە کەشف کا ئەوجا لێت دەدەم،ئەتوو لەمنت دایە شەرت نیە ئەمن لە پێی توو بدەم ئەمن حەز دەکەم لە زگت بدەم،پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم سینگی موبارەکی خۆی دەردەینی یەکسەر خۆی داوێتە باوەشی پێغەمبەری صلی الله علیە و سلم دەست دەکا بە ماچ کردنی سینگی موبارەکی،بەس مەقصەدی ئەوەندە بووە پیستی موبارەکی پێغەمبەری صلی الله علیە و سلم بە دەوو لێوی ئائەو صەحابەیە بکەوی.ئا ئەو حالەتە ماددیە (النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ) (الأحزاب ٦) ئەوەیان لە پێغەمبەری دیتیە بە واقیعی حال لەمسیان کردیە لێی، حەقیقی بووە لە ناویان،نەك وەکو دەلێم وەظیفی بوبی ئەکادیمی بوبی، یان میکانیکی بوبی، وەکی مە مەثەلەن ئەگەر ئەمن موەظەف بم لە فیلان دائیرە سبەینێ مادام حوضورم دەنوسم تازە ڕۆژانەکەم لەبۆ حیسابە ئەوجا دەردەچم دەرناچم پیاسەی دەکەم مەشغول دەبم، یان ئافرەتەکان حیاکەی دەکەن، نەخێر ئەدائیان واقیع بووە، تەعامولیان وتەفاعولیان لەگەر باری تعالا حەقیقی بووە، لە جێیەکی دیکە دەفەرمی (فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ) (آل عمران ١٥٩) باری تعالا حالەتی داخیلی ئەو پێغەمبەرەی وەصف دەکا، و لو کنت، ولو :أداة شرط إمتناعي یە. ئەگەر ببا ئەمما ئەوها نەبووی،ولو کنت فظا عەصەبی وتووڕەو قەلب قاسی لەگەر بیئەو وەسەطی خۆت لانفضوا من حولك،هەموو پەرت و براوەیان لێ دەکرد کەس لە دەورت نەدەما، ئەگەر ئەوها بووبای،کێ وەصفی حالەتی پێغەمبەر دەکا؟ صەحابی؟ الله، الله دەفەرمی (وَلَوْ كُنتَ فَظّاً) ئەوە نەوعە ئسلوبەکی دیکەیە لە ئیبراز و کەشف کردنی حالەتەکی ئیجابی پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم، (وَلَوْ كُنتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ

لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ) (آل عمران ١٥٩) هەروەهاش موستەمیر بە عەفویانکە کەکوعەفوت کردینە (فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ) (آل عمران ١٥٩) لۆیێ ئەوە غەریب بووە سبحان الله، هەر لە قورئان طەبعەن مەوجودە، باری تعالا موحاسەبەی مونافیقین دەکا، حوکمی جەهەننەم و کوفر لەسەر مونافیقین دەدا، پێغەمبەر صلی الله علیه سلم ئیللا موحاوەلە دەکا فەرعەك کونەك لایەك لۆیان ببینیتەوە بەشکو ئیە خودا عەفویان بکا، دەست دەکا بە تۆبەو ئیستغفار طەلەب کردن لەبۆ وان،حەتتا باری تعالا نەهی دەکا لەو ئیستیغفار کردنەش، یەعنی ئەو هەموو ئەزیەتەی ئەوەی کە لە سیرە ئاگادارە ئەزیەتی پێغەمبەری درابی بە دەستی مونافیقین کوفر زۆر لە ئەزیەت دابووە لە دەستیان.لەگەر ئەوەش حەتتا باری تعالا ئەمری پێ نەکرد ئیستیغفار قەطع کا قەطعی نەکرد پێی دەفەرمی: (اسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لاَ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِن تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَن يَغْفِرَ اللّهُ لَهُمْ) (التوبة ٨٠)یەعنی باری تعالا کە لە بیدایەتی ئایەت پێی دەرێ ئەگەر هاتوو طەلەبی تەوبە و غوفرانیشت لە من کرد لۆیان ئەمن لێیان خۆش نابم،پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم هەستا حەفتا جار، لەحەدیسەك هەیە دەفەرموێ « وَاللَّهِ إِنِّى لأَسْتَغْفِرُ اللَّهَ وَأَتُوبُ إِلَيْهِ فِى الْيَوْمِ أَكْثَرَ مِنْ سَبْعِينَ مَرَّةً ». لە ڕیوایەتەکی دیکە دەفەرموێ مئـة مـرة دیارە ئەو عەدەدە خەسڵەتی خاصی خۆی هەیە بە نسبەت موئمینین پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم بۆ ئەو مونافیقانە حەفتا جار تەوبەوئیستغفاری دەکرد ڕۆژێ، عەسا وەلەعەللا باری تەعالا لێیان خۆش ببی، ئەوجا باری تەعالا دەرێ بەخوا ئەگەر حەفتا جاریش هەر ئیستغفاریان لۆ بکەی هەر لێیان خۆش نابم. لۆ؟ حەققی خوایان خواردیە؟ نەء، ئەزیەتی ئەو خۆشەویستەیان دایە، ئەزیەتی وییان دایە ئەوجا ئەو بەو نەوعەی حەریصە لەسەریان، حەتا عبدالله بن ئوبەی بن سەلول ئەو موجریمە رأس النفاق کە دەگاتە قیممەی ئەزیەتی پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم زۆر ئایات لەسەری هەیە. ئایات دێتە خوارێ دەگاتە ئەو حەددەی کوڕی ئەویش هەر ناوی عبدالله یە دێتە خزمەت پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم دەفەرمی: یا رسول الله ئەگەر حوکمی قەتلت دابی با ئەمن بیکوژم، حەقی حوکمی قەتلی هەیە ئەمما مەهێلە صەحابیەك بیکوژی با ئەمن بیکوژم، پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم دەفەرمی: حەتتا حەیاتی مایە لەگەرمە نوحسینو صوحبەتە،وەکی هیلاکیش بوو کراسی موبارەکی خۆی لۆ نارد بەوی کفنیان کرد، نوێژیشی لەسەر کرد، هەتا ئەمری پێ هات چی دی نوێژ لەسەر مونافیقان مەکە. ئەوە حالەتی ئەو پێغەمبەرەی بووە لەگەر فیئەی موئمینین، لۆ؟ کە عبدالله دێتە خزمەت پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم عبدالله ی کوڕی ئەو مونافیقەی ،عبدالله بن عبدالله بن ئوبەی بن سەلول کەدەرێ یا رسول الله بابم هیلاك بوو یەکسەر دەفەرمی: ڕاوەستە، بە فیلان صەحابی دەرێ بڕۆ لە ماڵێ کراسەکەم بینە مەقصەدی وی ئائەو صەحابیەیە، دەزانی ئەو کافرە، دڵی ئەو صەحابیە ڕابگری، چونکی توشی موشکیلەك بووە توشی موصیبەتەك

بووه، دەزانی بابی بە کوفر مردیە، عەسا وەلەعەللا ئەو حالەتە ئەو کراسە ببتە هە موخەففیفەك، ڕیعایەتی ئائەو حالەتانەی هەمووی کردیە، خۆ پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم دەیزانی ئەوە کافرە دەچتە جەهەننەم، کراسەکەی نەدا لەبۆ عبدالله ی بابی نەء دایە ئەو صەحابییەی ئەتوو ببە لۆی،لۆیێ ئەو صەحابیە ئەو تەقدیر و ئیجلالەی پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم هەر لە مێشکی مابوو هەتا وەفاتی کرد، دیارە ئەو پێغەمبەرە صلی الله علیە و سلم باری تعالا بەو نەوعەی ویستیتی لەسەر وجود داینێ، دیارە تەمثیلی ئیرادەی ویست و ئیرادەی باری تعالا دەکا لەسەر کوڕەی ئەرز.

پرسیار/ ئەمەی گەنج،ئەمەی موحتاج، ئەمەی فەقیر،ئەمەی بێ ساحێب،چەند باوەش لەبۆ ئەو پێغەمبەرەی بکەینەوە وفقی ئیحتیاجی خۆمان، ئیحتیاجمان بەقەد ئیحتیاجمان لە بۆ ئاو، ئیحتیاجمان لەبۆ خواردن، یان ئیحتیاجمان لەبۆ ئۆکسجین؟

وەڵام/ نەء، لەوەی زۆر زۆر زیاتر چونکی ئەگەر ئەمە ئۆکسیجینیشمان لێ قەطع بکرێ دەخنکێنن، ئەمما موحتەمەلە بچنیە جەننەت.ئەمما ئیحتیاجی مە چەند ئەمە خۆمان دەگرین لەسەر ئاگر، ئیحتیاجمان ئەوەندەیە لەبۆ ئەو پێغەمبەرەی صلی الله علیە و سلم، وە ئەو طەبیبی وەحیدە لەبۆ دەردەکانمان، ئای خودا چەند دەزانی دەردمان زۆرە، خودا إن شاءالله بە فەظڵ و کەرەمی خۆی بیکاتە مامۆستای ئەووەل و ئەخیرمان، بیکاتە ڕێ نیشاندەرمان، بیکەینە ئوسوەی حەقیقی لەبۆ ئاخیرەتمان.

پرسیار/ ئەمەی موسوڵمان مەدای ئیحتییاجی واقیعمان جەندە بە نسبەت شخووص وەکو شەخصییەتی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لەبۆ هینانی حوکمی ئیسلامی؟

وەڵام/ مەدای ئیحتیاجی واقیعیمان بە نیسبەت شخوص، وەکو شەخصییەتی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم،لەبۆ هێنانی حوکمی ئیسلامی، برای نازدارم وە نەسیحەتم لۆ خۆشمە ئەووەلەن پاشان لەبۆ ئەو جەمعە موبارەکە،کەلیمەی حوکمی ئیسلامی بە واسطەی موئەللیفینی زەمان حەیزەکی زۆری گرتیە لە مێشکی مە، عیلمەن قورئان یان سوننەتی پێغەمبەری صلی الله علیە و سلم، ئەو ئەوەندە ضەوئە و تیشکەی نەدایتێ. حوکمی ئیسلامی ئەغلەب جەماعات و هەیئات و تەنظیمات و شەرائیحی ئیسلامی دەیکاتە هەدەف، عیلمەن بەو نەوعە کەثیفە نیە کە مەطلوبە لە قورئان. قورئان هاتیە وە ڕیسالەی پێغەمبەری صلی الله علیە و سلم لەوەی جەمع دەبی لەو کەلیمەیەی، ئینسان، موئمین دروست کا، بینا بکا، ئەگەر ئەو مؤمینە دروست بوو بە واسطەی ئەو مؤمینە جەمعەکە تەکاثور بکا و زیاد بکا و پەرە بسێنی، قاعیدەکەی، شەریحەکەی، زیاتر بێ ئەرضییە، ئەو وەختی حوکمی ئیسلامی دێتە وجود، حوکمی ئیسلامی بەو نەوعیەتەو بەو صیغەیەی لە مێشکی مە مەوجودە بە واسطەی کوتوبی موئەللیفین بەو نەوعەی نیە، لۆیێ تەماشاکەن ئیتتیجاهاتی ئیسلامی لە زۆر جێ تووشی ئەنواع و

ئەشكال ئیبتیلائات دەبی، لە ئەقصای مەفاهیمی فیکری و ئیجتیهادی، هەتا ئەقصای فیکری جیهادی و قیتالی، واقعیش وابزانم دەلیلە، ئەمە خۆمان نەقصمان زۆرە، یەعنی دین الله شتەکە وە موئمینین شتەکە، ئەمە پێش ئەوەی ببینە ئیسلامی دەبی ببینە موسڵمان، وە حەتتا صەراحەتەن کەلیمەی ئیسلامیش لە قورئان ئەوەندە ضەوئی نەدرایتێ بە قەد ئەوەندە کەلیمەی ئیمان ضەوئی درایتێ. لەو هەموو سەتو قوسوور جێیە باری تعالا بەحسی ئیمان دەکا (الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ) (العصر ٣) ئا ئەو صیفەتە دەبی لەمە متەوەففیر بی، باری تعالا موئمینی دەوێ جوندی ناوێ،جونوودی زۆرە ئیتتیجاهاتی ئیسلامی دەبی ئەوڕۆ موئمین دروست کا نەك جونود، نەك موجاهید، جیهاد موجاهید یان ئیسلامی، یان موڕەببی، یان فلان، ئەوانە هەموو صیفاتی جوزئینە لە مێشکی ئینسانی موسڵمان. عیلمەن موئمین کەلیمەکەی جامیعە، لۆیێ کابرای صەحابی نەتدەدی غەیبەت بکا زینایێش بکا لە عەینی وەقتیش لە ئەثنای مەطلوب موقاتیل بوو ڕادەوەستا جوندی، مەفهومی کەلیمەی حوکمی ئیسلامی بە من بە قەناعەتی خۆم موڕاجەعەی دەوێ، موڕاجەعەکی قورئانی، قورئان بکەینە معیار پێش ئەوەی لە ناو داخیلی خۆمان قەناعات هەبی قەواعید هەبی لە مێشکمان ئەوجا بچینە ناو قورئان بزانین حوکمی ئیسلامی کوو دێ، پێشترێ(لَهُ الْخَلْقُ) (الأعراف ٥٤) پاشان (وَالأَمْرُ..) (الأعراف ٥٤) .باوەڕ بکە جارێ ئێستا لە ناو داخیلی زۆربەمان (وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي...)) (یوسف ٥٣) مواصەفاتی باری تعالا ئیجاد نەبووە، موحتەمەلە ئەمن هەر لە پەنایەکی مەجالم هەبی غەیبەتی جەنابت بکەم، بوختانی جەنابت بکەم، لە جەنابت بدەم، هەر پشتت لەمن بکەی، عیلمەن یەك گوناح وە موحتەمەلە بە قەناعەتی مە حەققی ئەوەی هەبوو بی ئەو صەحابەیە ئەو گوناهەی بکا ئەویش ظەننەکی برد نەك بە صەحابی، نەك بە وجود،نەء ظەننەکی ئیجابی برد، لن نغلب الیوم من کثرة عدد ناوی سەلەمە بن سەلامەیە صەحابی یە لە غەزوەی حونەین باری تعالا فەشەلی پێ هینان، یەك صەحابی یەك جار بە دڵی داهات کە ئەوڕۆ فەشەل نایینین ئەمە،بەس تەماشای عەدەدەکەی کرد تەماشای عەدەدی کوفر کرد عەدەدی موسڵمانان زیاترە. بەس ئەو نیەتەی لۆی هات پێغەمبەریش صلی الله علیه و سلم موحاسەبە کرا لەسەری، دەبی ئەمە بگەینە ئەو سەقفە ئیمانیەی، ئەوها لەگەر باری تعالا شەففاف بین، عیلاقەمان موباشیر بی. ئەو عەناصرانە دروست ببی ئەوجا باری تعالا فیعلەن دەبینی ئەو موئمینانە موستەحەقن لەبۆ حەملی دینی باری تعالا، ئەو وەختی تەمکین دروست دەبی نەك مەفهومی کەلیمەی نەصریش کەلیمەی حوکم کەلیمەی حوکم جوزئیە،موحتەمەلە لە سوید حوکمی ئیسلامی ببی ئەمما موجتەمەع کافیرە،

پرسیار/ ئایە ئیرادەی ڕەببانی لەوەندەی ڕادەوەستی؟

وەڵام/ نەء، باری تعالا نایەوێ لەسەر کورەی ئەرض کەلیمەی لا الە إلا الله بە عەلەم برند بکرێ، نەء، دەیەوێ موئمینین مەوجود بن بە واسطەی موئمینین ئەوجا حوکمی ئیسلامی بێ عن طەریقی موئمینین، ئەوجالۆیێ صەراحەتەن بەمەن موهیممە،موحتەمەلە غەلەتیش بەم، موراجەعەی موصطەلەحاتی قورئان بکەین، مەفاهیمی قورئانی لە ناو قورئان ئەو شتانە ئیستنباط بکەی، نەك لە طەبیاتی کوتوبی موفەککیرین و عولەماء چونکە ئەوانیش وەکی مە ئینسانن قد یخطأون وقد یصیبون، خودا لە گوناهی هەموویان خۆش بی لە بەر ئیمانی وان ڕەحم بەمەش بکا،تێگەیشتی برای من مەفهومی کەلیمەی حوکم بەو نەوعەیە.

پرسیار/(ئەگەربێتو موسوڵمان بەس بەتەربیەو تەکوین مەشغوول بن،ئایائەوە وەختەکی زۆری ناوێ،وەهەروەها ئایا دەگەنە حوکم؟ کەلیمەکی بەکارهینا تەربیەو تەکوین بەرێ ئەو کەلیمەیە وە دەرێ، ئەگەر هاتوو موسوڵمان بەس بەوەندەی مەشغول بن موحتەمەلە زەمەنەکی زۆری بوێ نەگەنە حوکم، بەڵێ وەختەکی زۆری دەوێ، بەس مەخسەدت ئەوەندەیە نەتائیج موشکیلە نیە، پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم میثالە لەبۆمە، باری تعالا طەبعەن قورئانیش معیارە، لە زۆر جێیان باری تعالا لەسەر کەلیمەی وەقت، زەمەن، دەیفەرموو بە پێغەمبەر (فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُوْلُوا الْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ) (الأحقاف ٣٥).پرسیار/ لۆ؟جارێ مەفهومی هەدەف لە ڕیسالە چیە؟ دیسان تەقریبەن موشابیهەلەبۆ سوئالی ئەو برایەمان، هەدەف لە ناردنی ڕوسول چیە؟ دەبی با جارێ پێشترێ ئەمە ئەوەی دیراسە بکەین، ئەوەی تەحلیل و تەشریح نەکەین موحتەمەلە ئیجتیهاداتی ذاتی خۆمانی تێدابی، ئیجتیهادی خۆمانی تێدابی، هەوا موحتەمەلە مەوجود بی، ئەو هەوایە دەبتە عەقەبە، هەدەفی ڕوسول ئەوەیە قاطیبەتەن، حوقوقی باری تعالا ئیسپات کردن لەسەر عەبد، عەبد وەریگرت ئی ئاسمان قەوانینی ئاسمان نەقل کا لەبۆ عارد، ئینسان وەری گرت تەطبیقی دەکا لە وجود،ئەو وجودە ئەو عومرە بە نیسبەت هەموو ئەجیال موحتەمەلە هەر زەمەنەك زۆر مەحدود بی،هەموو ئەجیال لەگەر عومری کەون لەگەربێ زەمەنی ما لا نیهایە لە لایەن باری تعالاوە، ئەو زەمەنە زۆر کەمە ئەمەی ئینسانی مەحدود و گچکە لە کنمان موهیممە.ڕیسالەی هەدەفی ڕیسالەی ئەنبیاء حوقوقی باری تعالا تەعریف و تەعلیم بکرێ لە کن ئائەو عیبادانە لەو زەمەنە حەیاتە کەمە ئی وجودی سەر عارد نەقلیان بکا لەبۆ ئاخیرەتەکی ئیجابی بە مەفهومی ئیسلامیی قورئانیی یەعنی جەنەت، ئەها لە زۆر جێ لە قورئان بەو مەعنایە لێك دەدرێتەوە (ولمن خاف مقام ربه جنتان) (الرحمن ٤٦) لێرە زەمەن ئەو ڕوسولانە کو تەعامولیان کردیە لەگەر عیباد، تازە لە ظمنی دەرس گوتمان صیراعی روسول و بالذات پێغەمبەر، لەگەر شەیطانی ئینسانەکان بووە هاتیە شەیطانی ئینسانەکان تەرویجکا.

أقول قولي هذا و أستغفر الله لي و لكم سبحان ربك رب العزة عما يصفون و سلام على المرسلين و الحمد لله رب العالمين.